https://www.doi.org/10.31918/twejer.2252.2

e-ISSN (2617-0752)        p-ISSN (2617-0744)

# مۆرفیمی خستنەسەر و ئەزموونەکانی نووسەکبوون لە زمانی کوردیدا

مەسعود ئیسماعیل عارف
زانکۆی سۆران - فاکەڵتیی پەروەردە
Masood.arif@kue.soran.edu.iq

پ. ی. د. دلێر صادق کانبی
زانکۆی سۆران - فاکەڵتیی ئاداب
Diler.kaneby@soran.edu.iq

**پوختە**

توێژینەوەکە بە ناونیشانی (مۆرفیمی خستنەسەر و ئەزموونەکانی نووسەکبوون لە زمانی کوردیدا)یە، هەوڵێکە بۆ دەستنیشانکردنی ئەو ئەزموونانەی کە نووسەکبوونی یان نووسەکنەبوونی کەرەستەیەک لە زماندا دەسەلمێنن، هەروەها ساغکردنەوەی نووسەکبوون یان نەبوونی مۆرفیمی خستنەسەرە لە زمانی کوردیدا، بۆ ئەم مەبەستە بە سوودوەرگرتن لە ئەزموون و پێوەرەکانی زویکی و پاوڵوم هەوڵدراوە ئەوە ساغبکرێتەوە ئایا مۆرفیمی خستنەسەر لە زمانی کوردیدا نووسەکە یان گیرەکە؟

**وشە کلیلەکان:** نووسەک، مۆرفیمی خستنەسەر، پێشنووس، پاشنووس، نووسەکی سادە و تایبەتی.

## مۆرفیمی خستنەسەر و ئەزموونەکانی نووسەکبوون لە زمانی کوردیدا

### ٠ پێشەکی

ناونیشانی توێژینەوەکە (مۆرفیمی خستنەسەر و ئەزموونەکانی نووسەکبوون لە زمانی کوردیدا)یە، ناونیشانەکە چوارچێوە بۆ ناوەڕۆکەکەی دادەڕێژێت، کە لە ڕێیەوە هەوڵی ساغکردنەوەی ئەم کەرەستە زمانییە دەدرێت. هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە نووسەک وەکو توخمێکی زمانی، کەم تا زۆر بەر تیشکی توێژینەوەی زمانەوان و توێژەرانی کورد کەوتووە، بەڵام نەبوونی ڕایەکی یەکگرتوو لەسەر ئەو کەرەستانەی کە لە زمانی کوریدا دەبنە نووسەک مشتومڕی زۆری دروستکردووە، ئەم کارەش هەوڵێکە بۆ ساغکردنەوەی ئەم ئاریشەیە، لەلایەکی تریشەوە ئەوەندەی ئاگاداربین تا نووسینی ئەم توێژینەوەیە لە زمانی کوردیدا ئاماژە بەوە نەکراوە کە مۆرفیمی خستنەسەر نووسەکە. لە توێژینەوەکەدا ڕێبازی وەسفی پەیڕەوکراوە.

سنووری کارکردنی توێژینەوەکە بە گشتی دەچێتە بواری مۆرفۆلۆژی- سینتاکسییەوە، بەڵام لەبەر تێکچڕژاویی ئاستەکانی زمان بێگومان سەروکارمان لەگەڵ ئاستەکانی تریش دەبێت، هەروەها کەرەستەی توێژینەوەکەش مۆرفیمی خستنەسەرە لە (زمانی کوردی- دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست). ئەم کارەش هەوڵێکە بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە، ئایا مۆرفیمی خستنەسەر گیرەکە یان نووسەکە؟ بۆچی؟ ئەگەر نووسەکە، جۆرەکەی چییە؟

ناوەڕۆکی توێژینەوەکەش لە پێشەکی و دوو بەش پێکهاتووە، لە بەشی یەکەمدا کە لایەنی تیۆریی توێژینەوەکەیە، تیایدا باسی چەمک و زاراوەی نووسەک، مێژووی سەرهەڵدانی چەمکی نووسەک، پێناسەی نووسەک، جۆرەکانی نووسەک، هەروەها باسی چۆنیەتیی

دەستنیشانکردنی نووسەکەکان کراوە. لە بەشی دووەمدا کە لایەنی کارەکیی توێژینەوەکەیە، باسی مۆرفیمی خستنەسەر کراوە، لەگەڵ پڕاکتیککردنی ئەزموونەکانی نووسەکبوون بەسەر ئەم کەرەستە زمانییە، دواتر ئەنجامی بەدەستهاتووی توێژینەوەکە خراوەتەڕوو، ئینجا ئەو سەرچاوانەی سوودیان لێوەرگیراوە ڕیزکراون، لە کۆتاییشدا پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی دانراوە.

**١-١ نووسەک (چەمک و زاراوە)**

زاراوەی نووسەک لە زمانی کوردیدا بەرانبەر (Clitic)ی زمانی ئینگلیزی (Trask, 1993: 46) و (واژەبست)ی زمانی فارسی(شقاقی، ١٣٩٤: ١٨٠) و (کلمة مقیدة)ی زمانی عەرەبی (الخولی، ١٩٩١: ٤٣) دێت.

لە زمانی کوردیشدا جگە لە زاراوەی نووسەک چەند زاراوەیەکی تری بۆ بەکارهێنراوە، لەوانە (وشە بەست[١]، کلیتیک[٢]، نووسە[٣]). لە ڕووی ڕۆنانەوە (نووسەک) زاراوەیەکی داڕێژراوە، لە چاوگی (نووسان) کە ڕەگەکەی (نووس)ە وەرگیراوە و گیرەکی وشەداڕێژی (ەک)ی پێوە لکاوە و بۆتە (نووسەک)، هەروەها لە ڕووی چەمکیشەوە نووسەک بە واتای ئەوە دێت، کە " لە خۆیەوە بنووسێ بە شتێکی ترەوە" (خاڵ، ٢٠١٧: ٥٩١). زمانەوانان بە لەبەرچاوگرتنی ئەو تایبەتمەندییانەی ئەم چەمکە دەیگەیەنێت، لە بواری ڕێزماندا وەکو زاراوە و یەکەیەکی زمانی سوودیان لێوەرگرتووە.

**١-٢ مێژووی سەرهەڵدانی چەمکی نووسەک**

لە سەرەتادا توێژینەوە لە نووسەک بەهایەکی ئەوتۆی نەبوو، لەبەرئەوەی دەوترا، نووسەک نە وشەیە کە بە تەنیا لە ڕستەدا بێت و نە گیرەکە کە لە ڕۆنانی وشەدا بەکاربێت، هەر یەکە لە ڕێزماننووسە

دێرینەکان و توێژەرانی زمانەوانیی مێژووییش وەکو وشەیەکی بچووکی بێهێز لێیان کۆڵیوەتەوە، کە لە ڕووی دەنگییەوە بە وشەکەی پاڵ خۆیەوە بەندە (راسخ مهند، ١٣٨٨: ١٥).

نووسەک وەک فۆڕمێکی ڕێزمانی، مێژووی سەرهەڵدانی بۆ سەردەمێکی کۆن دەگەڕێتەوە، بۆ یەکەمین جار لەلایەن ڕێزماننووسانی یۆنانی کۆن بەو یەکانە دەوترا کە لە ڕووی سینتاکسییەوە وشەن، بەڵام لە ڕووی مۆرفۆلۆژییەوە بە وشەکەی تەک خۆیان (بە تایبەتی وشەکەی پێش خۆیان)ەوە بەندن و لەگەڵ ئەم وشەیەدا، جۆرە یەکەیەکی وشەسازی پێکدێنن (لنگرودی و شیرین ممسنی، ١٣٨٣: ٦٨)، هەروەها لە ڕووی ئیتیمۆلۆژیشەوە زاراوەی (clitic) لە وشەی یۆنانیی (klinein)ەوە هاتووە، کە بە واتای جەختکردنەوە دێت (راسخ مهند، ١٣٨٨: ١٦).

لە سەرەتاکانی سەدەی هەژدەهەم جەی هێرمان (G. Herman) بە سوودوەرگرتن لە وشەی یۆنانیی (klino) زاراوەی (proclitic) و (enclitic)ی دروستکرد، لەو کاتە بە دواوە، وشەی نووسەک بۆ ئەم جۆرە یەکانە بەکاردێت (Klavans, 1982: 7)، هەروەها واکەرناگڵ (Jaccob Wackernagel, 1892) بۆ یەکەم جار لە توێژینەوەی مێژوویی زمانە هیندۆئەوروپییەکاندا، نووسەکەکانی ناساند و ناوینان "یەکەکانی جێکەوتەی دووەم" (Zwicky, 1977: 19).

هەرچەندە نزیکەی دوو سەدە دەبێ، کە زمانەوانەکان باسیان لە بوونی نووسەک لە زمانەکانی جیهاندا کردووە، هەروەها جیاکردنەوەی ئەم یەکە زمانییەیان لەگەڵ یەکەکانی تری زماندا تا ڕادەیەکی زۆر دیاریکردووە، بەڵام توێژینەوەکان بە شێوەیەکی ورد مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەم، ئەویش دوای کارەکانی واکەرناگڵ دێ لەبارەی نووسەکەوە

(Wackernagel 1892)، هەروەها لە چارەگی کۆتایی سەدەی بیستەم سەرنجی زمانەوانەکان زیاتر لەسەر تایبەتمەندییە جیاوازەکانی نووسەک بوو، لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا، زویکی (Zwicky 1977) نووسەکەکانی بە سەر دوو جۆری سادە و تایبەتدا پۆلێنکرد.

**٣-١ پێناسەی نووسەک**

نووسەک وەکو توخمێکی زمانی لەلایەن زمانەوانانەوە پێناسەی جۆراوجۆری بۆ کراوە، بۆ ئەم مەبەستە چەند پێناسەیەکی نووسەک دەخرێنەڕوو:

(نووسەکەکان ئەو یەکانەن، کە هەندێ تایبەتمەندیی وشەی سەربەخۆیان هەیە، بەڵام ئەم سەربەخۆییەیان نییە کە وشەیەک هەیەتی، بە تایبەتی ئەم یەکانە ناتوانن بە شێوەیەکی سەربەخۆ دەربکەون، بەڵکو دەبێت لە ڕووی فۆنەتیکییەوە بە خانەخوێ[٤] (host)یەکەوە بنووسێن) **(**Spencer: 1991: 350**)**، سپێنسەر (Spencer) لەم پێناسەیەدا نووسەکی بە وشە چواندووە، کە هەندێ خەسڵەتی وشەی تێدایە، بەڵام ئەو سەربەخۆییەی وشەکانیان نییە، چونکە نووسەکەکان هیچ کاتێک ناتوانن بە تەنیا دەربکەون و هەمیشە خۆیان دەنووسێنن بە خانەخوێیەکانیانەوە.

تراسک (Trask) لەبارەی نووسەکەوە دەڵێ: (توخمێکە هەڵسوکەوتی لە نێوان وشە و گیرەکدایە، بۆ نموونە نووسەک فۆڕمێکی فۆنۆلۆجیی وشەیەکی سەربەخۆی هەیە، بەڵام هێز وەرناگرێ، بە شێوەیەکی خورتی ئەو شوێنە پڕدەکاتەوە لە ڕستەدا، کە لە ڕووی فۆنۆلۆجییەوە بەستراوە بە وشەیەکی خانەخوێوە) (Trask: 1993: 46). هەبوونی ئەو خەسڵەتە هاوبەشەی نووسەک، کە لە نێوان وشە و گیرەکدایە، بۆتە هۆی ئەوەی کارێکی ئاسان نەبێت بۆ دەستنیشانکردن و جیاکردنەوەی نووسەکەکان، چونکە هەندێ تایبەتمەندییان هەیە کە لە وشە دەچێ، هەروەها هەندێ

تایبەتمەندیی تریشی هەیە لە گیرەکەکان دەچێ بە تایبەت گیرەکە گەردانییەکان، نووسەکەکان لە کاتی نووسانیان بە خانەخوێوە هێزی وشەکە بۆ خۆیان کێشناکەن، لەلایەکی ترەوە ئەم پێناسەیە جەخت لەسەر گرنگیی نووسەک لە ڕستەدا دەکاتەوە، کە بە شێوەیەکی خورتی پێویستیی ڕستەکە پڕدەکەنەوە.

(خێرت بویی) نووسەک بە وشەیەکی بچووکی ڕێزمانیی نالێکسیکی ناو دەبات (Booij, 2007: 166). زۆربەی پێناسەکان جەخت لەسەر وابەستەیی نووسەکەکان دەکەنەوە، هەروەها هەڵگری جۆرە تایبەتمەندییەکی دیاریکراون، کە هاوبەشە لە نێوان گیرەک و وشەدا، لەبەرئەوە بە سوودوەرگرتن لەم پێناسانەی سەرەوە دەتوانرێ بوترێ؛ نووسەک وەک یەکەیەکی ڕێزمانی هەڵسوکەوتی لە نێوان گیرەک و وشەدایە، بە واتای ئەوەی توخمێکە لە ڕووی فۆنۆلۆجییەوە پەیوەستە بە وشە خانەخوێکەیەوە و هیچ کاتێک بە تەنیا بەکارنایەت، بە واتایەکی تر نووسەکەکان لە پێکهاتنی وشەدا ڕۆڵییان نییە، بەڵکو ڕۆڵەکەیان لە بواری سینتاکسدایە، کە لە پێکهاتەی گرێ و ڕستەکاندا ڕۆڵ دەبینن.

**٤-١ جۆرەکانی نووسەک**

لە مێژووی لێکۆڵینەوە لە نووسەک یان ئەو توێژینەوانەی باسی نووسەکیان کردووە چەندین هەوڵدراوە لە بارەی پۆلێنکردنی ئەو یەکە زمانییانەی ئەرکی نووسەک دەبینن، بۆ نموونە دەتوانرێ ئاماژە بە هەر یەک لە پۆلێنەکانی زویکی (Zwicky:1977, 1985)، کلاڤنس ( Klavans: 1982, 1985)، هەروەها زویکی و پاوڵوم ( Zwicky and Pullum: 1983) بکرێت. لەم توێژینەوەیەدا بە ڕۆشنایی و سوودوەرگرتن لە پۆلێنی زویکی و کلاڤنس دەشێ نووسەکەکان بەم چەشنەی خوارەوە پۆلێنبکرێن:

### ١-٤-١ جۆرەکانی نووسەک بەگوێرەی شوێنی نووسانیان بە خانەخوێوە

نووسەک بەهۆی هەبوونی ئەو فۆڕمە ناسەربەخۆیەی هەیەتی هیچ کاتێک بە شێوەی سەربەخۆ دەرناکەوێت، بەڵکو هەمیشە خۆی دەنووسێنێت بە خانەخوێکەیەوە، جا لە کاتی نووسانی بە خانەخوێشەوە، دوو شێوەی هەیە، کە ئەوانیش لای ڕاست و چەپی خانەخوێیە و ناوەکەشیان پەیوەستە بە شوێنی نووسانیان بە خانەخوێکەوە، ئەوانیش بریتین لە:

### ١- پێشنووس[٥] (Proclitic)

نووسەکێکە لە ڕووی فۆنۆلۆجییەوە بەستراوە بە بەشی پێشەوەی وشە خانەخوێیەکەوە (Trask, 1993: 219). لە کاتی نووسانی بە خانەخوێکەوە پشت بە وشە خانەخوێکەی دوای خۆی دەبەستێت، واتە ئەم جۆرە نووسەکە بۆیە پێی دەوترێت پێشنووس، چونکە بە بەشی پێشەوەی خانەخوێکەوە دەنووسێت، کە ئەو پێکهاتەیەی لەگەڵ خانەخوێکە دروستی دەکات بریتییە لە (نووسەک+خانەخوێ)، بۆ نموونە:

*1- __La__fille* **(کچەکە)**

لەم نموونەیەی سەرەوەدا نیشانەی تاکی ناسراوی (La) نووسەکە لە جۆری پێشنووس لە زمانی فەڕەنسیدا و پشتی بە وشە خانەخوێیەکەی دوای خۆی بەستووە **(**Katamba, 2006: 338**)**[٦].

### ٢- پاشنووس[٧] (Enclitic/ postclitic)

نووسەکێکە لە ڕووی فۆنۆلۆجییەوە بەستراوە بە بەشی دواوەی وشە خانەخوێکەوە (Trask, 1993: 91)، لە کاتی نووسانی بە خانەخوێکەوە پشت بە وشەکەی پێش خۆی دەبەستێت، ناوەکەشی هەر

بەپێی شوێنی نووسانی کە بە بەشی دواوەی خانەخوێوە دەنووسێت لێنراوە، کەواتە ئەو پێکهاتەیەی لەگەڵ خانەخوێکەدا دروستی دەکات بریتییە لە (خانەخوێ+نووسەک)، وەک:

**٢- کوڕم وانەکانت بخوێنە.**

### ١-٤-٢ جۆرەکانی نووسەک بەگوێرەی جێکەوتەیان لە ڕستەدا

نووسەکەکان بە پێی نووسانیان بە گرێ یان ڕستەوە دابەشی دوو جۆر دەبن، ئەوانیش بریتین لە:

### ١- نووسەکە سادەکان Simple Clitics

نووسەکە سادەکان ئەو نووسەکانەن، کە هەم شێوەی دەنگیی تەواویان هەیە هەم شێوەی نووسەکیان هەیە (راسخ مهند، ١٣٨٨: ١٦)، لە کاتی ئاخاوتن یان لە هەندێ دەوربەری زمانیدا، وشەیەک لە ڕووی فۆنۆلۆجییەوە بە شێوەیەکی خورتی یان سەرپشکی کورت دەبێتەوە، ئەم شێوە کورتکراوە و بێهێزە بە وشەی تەکیەوە دەنووسێت و یاسا دەنگییەکان حوکمی شێوەی لکانەکەی بە وشەکەوە دەکەن. ئەم مۆڕفیمە بەندە، لە ڕووی سینتاکسییەوە دابەشبوونێکی یەکسان و بەرانبەری لەگەڵ جۆرە تەواوەکەی خۆی هەیە و پەیوەندییە واتایی و دەنگییەکەی لەگەڵ جۆرە تەواوەکەیدا ڕوونە (شقاقی، ١٣٧٤: ١٤٥)، واتە نووسەکە سادەکان لە ڕووی دابەشبوونەوە، وەکو جۆری تەواوی خۆیانن و پەیوەندیی واتایی و دەنگییان بە جۆرە تەواوەکەی خۆیانەوە ئاشکرا و ڕوونە، بۆ نموونە:

3- Barin is tired → Barin’s tired. (بارین ماندووه)

له ڕستەی (٣)دا، کاری یاریدەدەری (is) کە فۆڕمێکی تەواوە، دوای کورتبوونەوەی بۆ فۆڕمی ('s)، لە کاتی گۆکردنی بە شێوەی /z/ دەردەبڕدرێت و بە گرێ ناوییەکەی پێش خۆیەوە دەنووسێت.

**٢- نووسەکە تایبەتەکان Special Clitics**

ئەو نووسەکانەن کە فۆڕمی کورتکراوەی وشەی سەربەخۆیان نییە، بەڵکو وەکو مۆرفیمی بەند دەردەکەون، لە هەندێ بارودۆخی ڕێزمانیی دیاریکراودا خۆیان داڵۆسکە دەکەن بە وشە خانەخوێکەیانەوە (قادر، ٢٠٠٤: ٤٧)، بەو واتایەی ئەو نووسەکانە بە هیچ شێوەیەک ناتوانن لە شێوەی فۆڕمی پڕدا دەرکەون، وەک:

**٤- منداڵەکە خۆی سوتاند.**

لە نموونەی (٤)دا، نووسەکی (ەکە) فۆڕمی کورتکراوەی هیچ وشەیەکی سەربەخۆ نییە، بەڵکو وەکو مۆرفیمێکی بەند لەم دەوروبەرە ڕێزمانییەدا نووساوە بە (ژن)ەوە، کە وشە خانەخوێیەکەیەتی، ئەویش هەبوونی پێویستییەکە و بە لابردنی ڕستەیەکی ناڕێزمانی لێدەکەوێتەوە.

هەروەها دەشێ ئاماژە بەوە بدرێ (هەموو ئەو نووسەکانەی کە نووسەکی سادە نین، بە نووسەکی تایبەت دەژمێردرێن) (شقاقی، ١٣٧٤: ١٤٥)، لە زمانی کوردیدا مۆرفیمی /-ی/ی خستنەسەر نمونەیەکی زۆر ڕوونە بۆ ئەم جۆرە نووسەکە، چونکە ئەم فۆڕمە کورتە بەرانبەر هیچ فۆڕمێکی تەواو ناوەستێت[٨]، کە شێوەیەکی بەندی هەیە و هەمیشە خۆی دەنووسێنێ بە خانەخوێکەیەوە، کەواتە دەشێ بوترێت، کە (نووسەکە تایبەتەکان ئەوانەن کە شێوەی تەواوی فۆنۆلۆجییان نییە و هەمیشە بە خانەخوێکەیانەوە دەنووسێن) (ڕاسخ مهند، ١٣٨٨: ١٦)، واتە نەبوونی

شێوەی تەواو لە بەرانبەر فۆڕمە کورتەکەدا کراوەتە ناسنامەیەک بۆ ناسینەوەی نووسەکی تایبەتی، لەم بارەوە سپێنسەر جیاوازیی نێوان نووسەکی سادە و تایبەت لەوەدا دەبینێت، کە یەکەمیان شێوەی کورتکراوەی فۆنۆلۆجیی وشەیەکی تەواوە، لە بارێکدا کە دووەمیان دابەشبوونێکی تەواو لێکچووی شێوەی تەواوی خۆی نییە و هەندێک جاریش هەر لە بنەڕەتدا شێوەی تەواوی نییە **(**spencer, 1997: 384**)**، بە دەربڕینێکی تر خاڵی جیاکەرەوەی نێوانیان بوونی فۆڕمی تەواو و کورتە، کە هەرچی نووسەکە سادەکانن لە بەرانبەر فۆڕمە کورتەکەدا فۆڕمی تەواویشیان هەیە، هەرچی نووسەکە تایبەتییەکانن تەنیا فۆڕمی کورتیان هەیە.

هاوکات هەبوونی وشەیەکی ئەرکی و نووسەکێکی لەوچوو لە ئەرکی ڕێزماندا، بۆتە هۆی ئەوەی کە ڕێزماننووسان بە شێوەیەکی سێنکرۆنی جیاوازی بکەن لە نێوان نووسەکی سادە و تایبەتدا، نووسەکە سادەکان، ئەو نووسەکانەن کە لەو جێکەوتانەدا بەکاردێن کە هاوتا تەواوەکەشیان (لە پێگەی وشەدا) دەکەونە ئەوێوە، وەکو نووسەکەکانی('s) لە زمانی ئینگلیزیدا کە شێوە تەواوەکەیان لە ڕستەی ژمارە (٥)دا خراوەتەڕوو، کە (is)ە و لە ڕستەی (٦)دا، (has)ە:

5- *Horse's wild = Horse is wild.*

6- *Horse's got stamina =Horse has got stamina.* (نغزگوی کهن و داوری، ١٣٩٣: ٣٥٥)

### ١-٥ چۆنیەتیی دەستنیشانکردنی نووسەکەکان

بۆ دەستنیشانکردنی نووسەکەکان سوود لە پێوەر و ئەزموونەکانی زویکی و پاوڵوم وەردەگیرێ، کە ئەوانیش بریتین لە:

### ١-٥-١ توێژینەوەکەی زویکی و پاوڵوم ١٩٨٣

زویکی و پاوڵوم (Zwicky & Pullum) لە توێژینەوەیەکی هاوبەشیاندا، چەند پێوەرێکیان خستۆتەڕوو، ئەوانیش بریتین لە مانەی خوارەوە:

١- نووسەکەکان پلەیەکی نزمی هەڵبژاردن نیشاندەدەن بە بەراورد بە گیرەکەکان، کە پلەیەکی بەرزی هەڵبژاردن بەرانبەر بە خانەخوێکانیان نیشاندەدەن (Zwicky & Pullum, 1983: 503). مەبەست لە نزمیی پلەی هەڵبژاردنی نووسەکەکان ئەوەیە، کە نووسەکەکان پەیوەست نین تەنیا بە خانەخوێیەکی دیاریکراوەوە، بەڵکو دەتوانن بە زۆربەی کەتیگۆرییە لێکسیکییەکانەوە بنووسێن، بۆ نموونە فۆڕمی کورتکراوەی (’s) لە زمانی ئینگلیزیدا دەتوانێ بە هەر خانەخوێیەکەوە بنووسێت لە کەتیگۆری جیاوازدا، لەم نمونانەی خوارەوەدا ئازادیی نووسەک باشتر نیشاندراوە:

*7- a- Baran<u>’s</u> coming.*

*b- He<u>’s</u> going to buy a car.*

*c- The drive home tonight<u>’s</u> been easy.*

بە سەرنجدان لە نموونەکانی (7- a, b, c) تێبینی ئەوە دەکرێت، کە نووسەکی (’s) بە زنجیرە بە هەر یەک لە کەتیگۆرییەکانی (ناو، جێناو و ئاوەڵناو)ەوە نووساوە، هەروەها نموونەی لەم چەشنە لە زمانی کوردیشدا بەدیدەکرێت، بۆ نموونە مۆرفیمی ناسیاوی جیا لە کەتیگۆریی ناو دەتوانێ بە کەتیگۆرییەکانی تریشەوە بنوسێ، هەروەها لە کاتی نووسانیشی تەنیا بە بنکەوە نانووسێ، بەڵکو کۆتایی گرێکە دەگرێت، واتە لەگەڵ فراوانکردنی ئەویش جێکەوتەکەی دەگۆڕێت و لە دوای گرێکە نابێتەوە، وەک:

**٨- منداڵەکە کتێبەکەی دڕاند.**

**٩- کتێبە باشەکەیان لێ بزرکردم.**

**١٠- بەشە زۆرەکەیان بۆ خۆیان دانا.**

**١١- کورد لە نەوەدەکان نەهامەتی زۆری بینی.**

**١٢- هاتنەکەی بە جۆرێک بوو چاوەڕواننەکراو بوو.**

لە ڕستەکانی سەرەوەدا بە ڕیزبەندی مۆرفیمی ناسیاوی /-ەکە/ بە هەریەک لە کەتیگۆرییەکانی (ناو، ئاوەڵناو، ڕاددە، ژمارە و چاوگ)ەوە نووساوە، بەڵام هەرچی گیرەکەکانن کە پلەیەکی بەرزتری هەڵبژاردنیان هەیە، واتە ئەو توانایەی نووسەکەکانیان نییە لە هەڵبژاردنی خانەخوێی جیاوازدا، بەڵکو بە خانەخوێی تایبەتەوە دەلکێت، بۆ نموونە لە زمانی ئینگلیزیدا نیشانەی (est-) تەنیا کەتیگۆریی ئاوەڵناو هەڵدەبژێرێت، وەک:

*13- Lowest, Highest*

*14- *Lows, *Highs*

بە تێڕامان لە نموونەی (١٣)، کەتیگۆریی ئاوەڵناوە لە ڕێی گیرەکی (-est)ەوە پلەی ئاوەڵناوییەکەی نیشاندراوە، بەڵام هەرچی نموونەکانی (١٤)یە، بە هۆی ئەوەی ئەو گیرەکانە بە هەڵە کەتیگۆرییەکانیان هەڵبژاردووە نموونەیەکی نارێزمانییان لێ بەرهەمهاتووە. لە زمانی کوردیشدا هەر یەک لە گیرەکەکانی /-گە/، /-دان/ و /-ستان/ ...هتد بۆ دروستکردنی ناوی شوێنن، بەڵام هەریەکە و جۆرێکی ناوی شوێن دروستدەکەن، بۆ نموونە، گیرەکی /-دان/، جگە لە بەخشینی ناوی شوێن، چەمکی هەڵگرتن و پاراستنی شت، تەسکی و داخراویی شوێنەکەش دەدات (مستەفا، ٢٠١٩: ١٣٠)، بۆ نموونە:

**١٥- گوڵدان، شەکردان، خوێدان.**

٢- هەبوونی بۆشایی (Arbitrary gaps) لە پێکهاتەکاندا زیاتر تایبەتمەندیی نووسەکەکانە وەک لە گیرەکەکان ( Zwicky & Pullum, 1983: 504). لە نێوان نووسەک و خانەخوێدا هیچ درز و بۆشاییەک بەدیناکرێت، واتە لە نێوان پێکهاتەی (وشە+نووسەک)دا هیچ درز و بۆشاییەک نییە، بەڵام لە پێکهاتەی (وشە+گیرەک)دا، درزتێکەوتن ڕوودەدات، بۆ نموونە لە زمانی ئینگلیزیدا بە شێوەیەکی گشتی کارەکان بە گیرەکی (ed-) دەبن بە ڕابردوو، بەڵام ئەم گیرەکە لەگەڵ هەندێ کاردا نایەت، بەمەش بۆشاییەکی گەردانی دروستدەبێت، بۆ ئەم مەبەستەش زمانی ئینگلیزی بە ڕێگای لێکسیکی ئەم بۆشاییە پڕدەکاتەوە، وەک:

*16- Go* $\rightarrow$ *went* $\rightarrow$ *gone*

بەڵام ئەم بۆشاییە لە نووسەکەکاندا بەدیناکرێت و هەر کاتێک درزی تێکەوت، ئەوا نموونەیەکی ناڕێزمانی لێدەکەوێتەوە، وەک:

*17- *myn't, *amn't*

لە زمانی کوردیشدا نموونەی لەم شێوەیە بەدیدەکرێت، بۆ نموونە مۆڕفیمەکانی کاتی ڕابردوو تایبەتن بە نیشاندانی کاتی ڕابردوو، دەچنە سەر ڕەگێکی ڕابردوو، بەڵام نموونەشمان هەیە لەگەڵ کاتی ڕانەبردووشدا دێن و چەمکی ڕابردوو ناگەیەنن، وەک:

**١٨- *پەرستم، دروووم، بیستم* (کاتی ڕابردوو).**

**١٩- *دەپەرستم، دەدرووم، دەبیستم* (کاتی ڕانەبردوو).**

به سەرنجدان و بەراوردکردنی نموونەکانی سەرەوە، تێبینی ئەوە دەکرێ، کە مۆڕفیمی کاتی ڕابردوو (ت، وو) سەرەڕای ئەوەی کاتی ڕابردوو نیشاندەدەن، بەڵام لەگەڵ کاری ڕانەبردووشدا هاتوون و کاتی ڕابردوویان نیشانەداوە، ئەمەش بۆشایی (درز و ناوێزەیی) دروستکردووە.

٣- ناوێزەیی مۆڕفۆلۆژی تایبەتمەندیی گیرەکەکانە و لە نووسەکەکاندا ئەم ناوێزەییە نابینرێت (Zwicky & Pullum, 1983: 504). لەبارەی بوونی ناوێزەیی مۆڕفۆلۆژی کە زیاتر تایبەتمەندیی ئەو وشانەیە کە گیرەکیان پێوە لکاوە بە بەراورد بە نووسەکەکان، واتە ئەم تایبەتمەندییە زیاتر پەیوەستە بە (بنکە+گیرەک)ەوە تا (بنکە+نووسەک)، بە واتایەکی تر ئەم جۆرە ناوێزەییە لە نووسەکەکاندا ڕوونادات، چونکە بە شێوەیەکی ڕێک و پێڕەوبەندانە ڕەفتاردەکەن، بەڵام گیرەکەکان زۆرجار ئەم جۆرە ناوێزەییەیان تێدا بەدیدەکرێت، بۆ نموونە لە زمانی ئینگلیزیدا بە گشتی ناوەکان لە ڕێی گیرەکی (s-)ەوە کۆدەکرێنەوە، بەڵام چەندین وشە هەیە کە لەم یاسایە لادەدەن و ناوێزەییان تێدەکەوێت و لەڕێی گۆڕینی ڤاوڵەوە ئەم بۆشاییە پڕدەکەنەوە، وەک:

*20- Man → Men*

هەروەها لە زمانی کوردیشدا ئەم چەشنە ناوێزەییە دەبینرێت، بۆ نموونە لە کاری فەرماندا بە شێوەیەکی ئاسایی مۆڕفیمی /ب-/ بە ڕەگی کارەوە دەلکێ و کاری فەرماندان دەنوێنێ، بەڵام کارێکی وەکو (هاتن) ئەگەر لەسەر شێوە یاساییەکەی بڕوات ئەوا دەبێتە (بێ، بێن)، بەڵام درز و ناوێزەیی تێدەکەوێت، چونکە فەرماندانەکەی دەبێتە (وەرە).

٤- ناوێزەیی واتایی تایبەتمەندیی گیرەکەکانە و لە نووسەکەکاندا ئەم ناوێزەییە نابینرێت (Zwicky & Pullum, 1983: 504). مەبەست لە

ناوێزەیی واتایی بە هەمان شێوەی تایبەتمەندیی سێیەمە، واتە هەرچی نووسەکەکانن لە کاتی نووسانیان بە خانەخوێکانیانەوە هیچ ناوێزەییەکی واتاییان تێدا بەدیناکرێت، بۆ نموونە لە کاتی نووسانی (’s) و (’ve) بە خانەخوێکانیانەوە هیچ لە واتاکانیان ناگۆڕێت جا چ بە فۆڕمە پڕەکەی بێت یان بە فۆڕمە کورتەکە، وەک:

*21- Baran’s clever / Baran is clever.* ***(باران زیرەکە)***

*22- Baran’s already eaten / Baran has already eaten.* ***باران (پێشتر خواردنەکەی خواردووە)***

بەڵام هەرچی گیرەکەکانن زۆر جار ناوێزەیی واتاییان تێدا ڕوودەدات، بۆ نموونە (گیرەکی (یلە) بەزۆری بۆ بچوکردنەوە بەکاردێت، بەڵام لە هەریەک لە نموونەکانی (مێرولە، دانولە)دا، ناوێزەییان تێکەوتوە، چونکە لە هیچیاندا واتای بچوککردنەوەی نەداوە) (فەتاح و سەباح ڕەشید، ٢٠٠٦: ٣٤).

٥- نووسەکەکان ناکەونە ژێر کاریگەریی یاساکانی سینتاکس، بەڵام گیرەکەکان کاریگەریی یاساکانی سینتاکسیان بەسەرەوەیە ( Zwicky & Pullum, 1983: 504)، واتە کاتێک وشەیەک گیرەکێکی پێوەدەلکێت، ئەوا لە کاتی جێبەجێکردنی پڕۆسە سینتاکسییەکاندا وەک یەک وشەی سینتاکسی مامەڵەدەکات، بۆ نموونە لە کاتی ئەنجامدانی پڕۆسەی جێگۆڕکێدا:

**٢٣- ا- کوردستان خۆشە.**

**ب- *کورد خۆشە ستان.**

**پ- *ستان خۆشە کورد.**

نموونەکانی (٢٣- ب، پ) بەهۆی ئەوەی لە کاتی جێگۆڕکێکەدا گیرەکەکەیان لێکراوەتەوە ناڕێزمانییان لێکەوتۆتەوە، چونکە کاتێک گیرەک بە وشەیەکەوە دەلکێ ئەوا پێکەوە وەکو یەک وشەی سینتاکسی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێ، بەڵام هەرچی نووسەکەکانن ناکەونە ژێر کاریگەریی یاسا سینتاکسییەکانەوە، هەروەها لەلایەن پرۆسە سینتاکسییەکانەوە وەک یەک وشەی سینتاکسی مامەڵەی لەگەڵدا ناکرێت، بۆ نموونە:

**٢٤- ا- کچەکەم و کوڕەکەم چوون بۆ قوتابخانە.**

**ب- کچ و کوڕەکەم چوون بۆ قوتابخانە.**

لە نموونەی ژمارە (٢٤- ب)دا، نووسەکی (ەکە، م) لەسەر وشەی (کچ) بە قەرینە کرتێنراوە، بەڵام ڕستەکە ڕێزمانییە، چونکە کاتێک نووسەک بە خانەخوێوە دەنووسێ وەک یەک وشەی سینتاکسی مامەڵەی لەگەڵدا ناکرێت، بەڵکو دوو یەکەی سینتاکسی جیان و ناکەونە ژێر کاریگەریی یاسا سینتاکسییەکانەوە.

٦- نووسەکان بەو کەرەسانەوە دەنووسێن کە پێشتر نووسەکی تری پێوەنووساوە، بەڵام ئەم حاڵەتە لە گیرەکەکاندا نابینرێت ( Zwicky & Pullum, 1983: 504). نووسەکەکان توانای نووسانیان هەیە بەو فۆڕمانەی کە پێشتر نووسەکیان وەرگرتووە، واتە دەشێ چەند نووسەکێک بەسەر یەکەوە بێن کە هێشوەنووسەک دروستدەکەن، هەروەها نووسەکەکان لە دوای گیرەکەکانەوە دێن، بەڵام بە پێچەوانەوەی ئەمەوە گیرەکەکان ناتوانن دەرگا بە ڕووی گیرەک و نوسەکەکاندا دابخەن، بۆ نموونە:

*25- a- I’<u>d</u>’<u>ve</u> brought some for you, if I’<u>d</u> known.*

نووسەک نووسەک ... نووسەک

*b- *I’d’ve-ing brought some for you, if I’d known.*

نووسەک نووسەک گیرەک                                    نووسەک

لە نموونەی (25- a)دا، هەر دوو نووسەکی (’d) و (’ve) بە دوای یەکتریدا هاتوون و ڕستەکەش لە ڕووی ڕیزبوونی کەرەستەکان و واتایشەوە هیچ گرفتێکی نییە و ئاسایی بەکاردێت، بەڵام لە ڕستەی (b -25)دا، لە دوای دوو نووسەکەکەوە گیرەکی (ing-) هاتووە، بەڵام نووسەک ڕێگا بەمە نادات، هەر بۆیە ڕستەکە ناڕێزمانی لێکەوتۆتەوە.

**١–٥–٢ ئەزموونەکانی نووسەکبوون**

زویکی و پاوڵوم لە ساڵی (١٩٨٣) و زویکی لە ساڵی (١٩٨٥)دا، لە ئەنجامی توێژینەوەکانیاندا لەبارەی نووسەک، چەند ئەزموون (Test) و پێوەرێکیان خستۆتەڕوو، کە بە مەبەستی جیاکردنەوەی نووسەک لە وشە و گیرەکە، لەم توێژینەوەیەدا ئەم ئەزموون و پێوەرانە لەم ڕوانگەیەوە سوودیان لێوەردەگیرێت، کە بە هۆیانەوە بتوانرێت بەشێکی سەرەکیی تایبەتمەندیی نووسەکەکان دەستنیشانبکرێت و هەر لەم ڕێگەیەشەوە بڕیار لە سەر بەنووسەکبوون و نەبوونی مۆرفیمە بەندەکانی زمانی کوردی بدرێت.

ئەوەی تێبینی دەکرێت لە کۆی ئەم ئەزموونانەی کە زویکی خستونیەتەڕوو، بەشێکیان بۆ جیاکردنەوەی وشەیە لە گیرەک و نووسەک، ئەوانیش، هەر یەک لە ئەزموونەکانی: (بەندێتی، پێکهاتن، ڕیزبوون، ئاڵۆزیی، لەبریدانان، داڕێژراو لە گریمانە هاوبەشەکان و دوا ئەزموون)ە، هەروەها بەشێکی تری ئەزموونەکان بۆ جیاکردنەوەی نووسەکە لە گیرەک، ئەوانیش هەر یەک لە ئەزموونەکانی: (دەنگی، ڕێگریکردن لە گیرەکلکاندن، دابەشبوون، درزتێکەوتن و کرتانی هاوتا)یە، هەروەها بۆ جیاکردنەوەی جۆرەکانی نووسەک، واتە بۆ دەستنیشانکردنی

جۆرەکانی نووسەک سوود لە ئەزموونی (جوڵە) و تایبەتمەندی بوونی فۆڕمی تەواو و فۆڕمی کورت وەردەگیرێت.

لێرەدا هەوڵدەدرێ تەنیا گفتوگۆی ئەو ئەزموون و تایبەتمەندییانە بکرێ، کە بۆ جیاکردنەوەی نووسەک لە گیرەکی گەردانی بەکاردێت یان بۆ جیاکردنەوەی جۆرەکانی نووسەک بەکاردێن، لەبەرئەوەی مۆڕفیمی خستنەسەر، کە ئەگەری ئەوەی هەیە، کە ببێ بە نووسەک مۆڕفیمێکی بەندە، بۆیە بە پێویست نازانرێ گفتوگۆی ئەو ئەزموون و تایبەتمەندییانە بکرێ، کە نووسەک لە وشە جیادەکاتەوە.

**١- ئەزموونی دەنگی/ فۆنۆلۆجی**

هێز ئەو زیادە وزە دەنگییەیە کە ئاخێوەر دەیخاتە سەر یەکێک لە بڕگەکانی وشەیەک یان دەستەواژەیەک (ئەمین، ٢٠٠٩: ٢٨٤)، هەبوونی هێز و گۆڕانکاری لە جێکەوتەی هێزدا (لێرەدا مەبەست لە هێزی سەرەکییە)، کە بەشێک پێیانوایە کە گواستنەوەی هێز کاریگەری لەسەر لایەنی واتاش دەبێت، بەڵام لە ڕاستیدا (شوێنی هێزی سەرەکیی وشە و پێکهاتووەکان لە فەرهەنگدا دیاریکراوە) (مەحویی، ٢٠١٦: ١٥٦)، ئەمەش واتای ئەوەیە گۆڕانکاری لە جێکەوتەی هێزدا کاریگەری بەسەر لایەنی واتادا نابێت.

نووسەک لە ڕووی هێزەوە بەندە بە توخمێکی ترەوە، بەڵام وشە لە ڕووی هێزەوە سەربەخۆیە، واتە توخمە بێهێزەکە ئەگەری ئەوەی هەیە نووسەک بێت، بەڵام توخمە هێزدارەکان لە گرێ یان ڕستەدا وشەن. لە زۆر باردا زیادکردنی گیرەک دەبێتە هۆی گۆڕینی جێکەوتەی هێز، بەڵام زیادکردنی نووسەک گۆڕان لە هێزی بنکەدا دروستناکات (شقاقی، ١٣٧٤: ١٤٦)، واتە نووسەکەکان هێزی خانەخوێکە بۆ خۆیان کێشناکەن، بەڵام گیرەکەکان بە پێچەوانەی ئەمانەوەن، چونکە "هێزی سەرەکی[٩] هەردەم

دەکەوێتە سەر دوا بڕگەی پاشگری هێزدار" (کانەبی، ١٩٩٨: ٨٥)، بە واتایەکی تر لە کاتی لکانی گیرەکەکان بە تایبەت وشەداڕێژەکان هێزە سەرەکییەکە بۆ خۆیان کێشدەکەن، واتە هێزە سەرەکییەکە دەکەوێتە سەر گیرەکەکە، بۆ نموونە:

**٢٦- دووکاندا'ر**

کەواتە بە شێوەیەکی گشتی نووسەکەکان هێزبەر نین و وابەستەن بە خانەخوێکانیانەوە، لەبەرئەوە نووسەکەکان بە هۆی نووسانیان بە وشەوە دەتوانن یەکەیەکی دەنگی پێکبهێنن، هەرچی وشەکانن جیا لە نووسەکەکان دەتوانن یەکەیەکی وا پێکبێنن، کەواتە جیاوازیی نێوان پێکهاتەی (نووسەک+وشە) و (وشە+وشە) جیاوازیی نێوان (وشەی فۆنۆلۆجی[١٠]) و (گرێی فۆنۆلۆجی[١١])یە (Zwicky, 1985: 286).

هێز وەک فۆنیمێکی ناکەرتی (سەروسەگمێنتی) کە لە ئاخاوتندا دەردەکەوێت، لە زمانی کوردیدا جێکەوتەی هێز لە تاکە وشەدا بە زۆری دەچێتە سەر بڕگەی کۆتایی، بەڵام هەندێ وشە هەن ناوێزەییان لێدەکەوێتەوە و لەم یاسا گشتییە لادەدەن (کانەبی، ١٩٩٨: ٧٩)، بە شێوەیەکی گشتی جیا لە وشە ناوێزەکان هێز دەچێتە سەر کۆتا بڕگە لە وشەکاندا، هەروەها وشەکان چ وشەی لێکسیمی بێت یان ئەرکی (گراماتیکی)، جا یەک بڕگە یان زیاتر لە بڕگەیەک بن هێزی سەرەکیی خۆیان هەیە (هەمان سەرچاوە:٨٠)، کەواتە بوونی هێز لەسەر وشەکان شتێکی جێگیرە و هەر وشەیەک هێزی خۆی هەیە.

(شقاقی، ١٣٧٤: ١٤٦) پێیوایە  کە بوون و نەبوونی هێز نابێت بکرێتە پێوەری سەرەکیی دەستنیشانکردنی نووسەکەکان، چونکە لەوانەیە لە هەلومەرجی تایبەتدا نووسەک هێزداربێت، بە واتایەکی تر ئەم تایبەتمەندییە نابێتە پێوەر بۆ کێشانی هێڵێک بۆ جیاکردنەوە و

دەستنیشانکردنی نووسەکەکان لە هەموو بارودۆخێکدا، بۆ نموونە مۆرفیمی ناسیاوی /-ەکە/ هێزدارە، چونکە یاسامەندانە هێز وەردەگرێت (مەحویی، ٢٠١٦: ٢٨١)، واتە مۆرفیمی ناسیاوی لەگەڵ ئەوەی نووسەکە، بەڵام لە کاتی نووسانی بە وشەوە هێزی سەرەکی بۆ خۆی کێشدەکات، وەک:

**٢٧- کچەکە' خێرا هاتە ژوورەوە.**

**٢٨- تەرمی شوانەکە' دۆزرایەوە.**

لە هەریەک لەم نموونانەدا مۆرفیمی ناسیاوی هێزی سەرەکیی وەرگرتووە.

**٢- ئەزموونی ڕێگریکردن لە گیرەکلکاندن**

بەگوێرەی ئەم ئەزموونە بەشێک لە گیرەکە گەردانییەکان ڕێگری دەکەن لە لکاندنی گیرەکێکی تر بە بنکەوە، نووسەکانیش بە هەمان شێوە دەبنە ڕێگر لە بەردەم لکانی گیرەکەکان پێوەی، تەنانەت هەندێجار ڕێگە لە نووسانی نووسەکی تریش دەگرن (شقاقی، ١٣٧٤: ١٤٧)، واتە نووسەک خاوەن ئەو تایبەتمەندییەیە، کە وشەکە بە ڕووی گیرەکەکاندا دادەخات، بە واتای ئەوەی ڕێگا نادات کە گیرەک لە دوایەوە بێت. ئەم ئەزموونە هەمان تایبەتمەندیی توانای لۆککردنی وشەیە کە نووسەکەکان هەیانە، واتە نووسەکەکان کاتێ دەنووسێن بە خانەخوێوە ئەوا وشەکە دادەخەن بە ڕووی گیرەکەکاندا، بەڵام ڕێگا بە هاتنی نووسەکی تر دەدەن، هەروەها لە هەندێ حاڵەتدا ڕێگا بە هاتنی نووسەکی تریش نادەن لە دوایانەوە بێن.

دەشێ بوترێت هەر کاتێک نووسەک هات، ئەوا ڕێگری دەکات لە گیرەکلکاندن، واتە دوای نووسەک هیچ کام لە جۆرەکانی گیرەک (گەردانی و وشەداڕێژ) نایەت، وەک:

**٢٩- دوو گوڵ لە باخەکەمچە ڕوواون***

لە ڕستەی (٢٩)دا، گیرەکی وشەداڕێژی (-چە) کە لە دوای نووسەکی (-م) هاتووە، بۆتە هۆی ناڕێزمانیبوونی ڕستەکە. تێبینی ئەوە دەکرێت کاتێک نووسەکەکان دەچنە پێش ڕەگی کارەوە هەڵسوکەوتی جیاواز دەکەن، بۆ ئەمەش بڕوانە (کەڕەمی، ١٣٩٦: ٢١٠-٢١٣).

**٣- ئەزموونی دابەشبوون**

نووسەک لە هەڵبژاردنی بنکەدا سنووردارییی کەمترە، لە کاتێکدا کە گیرەک بە چەند بنکەیەکی تایبەتەوە دەلکێت (شقاقی، ١٣٧٤: ١٤٨). ئەم ئەزموونە مەبەستی هەمان تایبەتمەندیی بەرز و نزمی پلەی هەڵبژاردنە، کە نووسەکەکان پلەیەکی نزمی هەڵبژاردن نیشاندەدەن، بەڵام هەرچی گیرەکەکانن پلەیەکی بەرزی هەڵبژاردن نیشاندەدەن، نووسەکەکان لە هەڵبژاردنی بنکەدا سنوورداریيان کەمترە، واتە تەنیا بە خانەخوێیەکی دیاریکراوەوە پەیوەست نین، بەڵکو دەتوانن بە زۆربەی کەتیگۆرییە لێکسیکییەکانەوە بنووسێن، بەڵام گیرەکەکان بە بنکەی دیاریکراوەوە پەیوەستن و ناتوانن بە هەموو کەتیگۆرییەکەوە بلکێن، بۆ نموونە:

٣٠- *سێوم خوارد.* (نووسەک بە ناوەوە نووساوە)

٣١- *ناردم.* (نووسەک بە قەدی کارەوە نووساوە)

٣٢- *ئێوەم خۆشدەوێت.* (نووسەک بە جێناوەوە نووساوە)

٣٣- *کاتی کەمێ لەبەردەستە.*                    (نووسەک بە ڕادەوە نووساوە)

لە نموونەکانی سەرەوەدا نووسەک بە کەرەستەی جیاجیاوە نووساوە، بەڵام هەرچی گیرەکەکانن سەربەستییەکەیان بەم شێوەیە نییە و هەموو گیرەکەکان ئەو سەربەستییەیان وەکو یەک نییە، ئەمەش لە گیرەکێکەوە بۆ گیرەکێکی تر گۆڕانی بەسەردا دێت، بۆ نموونە گیرەکی کۆ (s-) لە زمانی ئینگلیزیدا تەنیا کەتیگۆریی ناو هەڵدەبژێرێت وەکو خانەخوێی خۆی، وەک:

*34- Book* $\rightarrow$ *Books*

ئەزموونی دابەشبوون پەیوەندی بە دوو لایەنەوە هەیە؛ یەکەمیان ئەوەی کە ئەو توخمە دەچێتە سەر چ کەرەستەیەک و چ کەتیگۆرییەک هەڵدەبژێرێت بۆ نووسان پێوەی، هەروەها دووەمیان پەیوەندی بەوەوە هەیە لە کام جێکەوتە (شوێن)دا دەردەکەوێت. لەبارەی خاڵی یەکەمیان هەرچی نووسەکەکانن ئەوا تا ڕادەیەکی زۆر هەستیار نین لە هەڵبژاردنی خانەخوێ یان کەتیگۆرییە لێکسیکییەکەیانەوە، واتە کەتیگۆرییەکی دیاریکراو هەڵنابژێرن، بەڵکو توانای نووسانیان بە زۆربەی کەتیگۆرییە لێکسیکییە جیاوازەکانەوە هەیە، بەڵام گیرەکەکان ئەو توانایەیان نییە، بەڵکو کەتیگۆریی تایبەت هەڵدەبژێرن بۆ لکان پێیانەوە. خاڵی دووەمیش سەبارەت بە جێکەوتەی ئەم توخمانەیە، کە چۆنیەتیی ڕیزبوونیان لە دوای بنکە (خانەخوێ)ەوە بەم چەشنەیە:

گیرەکی وشەداڕێژ + گیرەکی گەردانی + نووسەک

ئەم شێوە ڕیزبوونە شێوەیەکی جێگیری ئەم توخمانەیە و هیچ کاتێک گیرەکی گەردانی ناکەوێتە پێش گیرەکی وشەداڕێژ، هەروەها هیچ کاتێکیش گیرەکی وشەداڕێژ یان گەردانی لە دوای نووسەکەکانەوە نایەن،

لەلایەکی تریشەوە گیرەکەکان لە ڕووی جێکەوتەوە شوێنیان دیاریکراوە، بەڵام نووسەکەکان شوێنیان دەگۆڕێت، بۆ نموونە:

**٣٥- ا- کوڕەکەم هات.**

**ب- کوڕە زیرەکەکەم هات.**

**پ- کوڕە زیرەکە باڵابەرزەکەم هات.**

**ت- کوڕە زیرەکە باڵابەرزە چاوشینەکەم هات.**

به سەرنجدان لە ڕستەکانی (٣٥- ا، ب، پ، ت) نووسەکی (-م) لە ڕستەی (٣٥- ا)دا، بە کەتیگۆریی ناو و کۆتاییی گرێ ناوییەکەوە نووساوە، بەڵام لەگەڵ فراونکردنی گرێ ناوییەکەدا نووسەکەکە لە جێکەوتەی پێشتری نامێنێت، سەرەڕای ئەوەی کەتیگۆرییەکەشی جیاوازە کە بە ئاوەڵناوەوە نووساوە، واتە نووسەکەکان سەرەڕای نووسانیان بە کەتیگۆریی جیاوازەوە لە جێکەوتەی جیاجیاشدا دەردەکەون، لەگەڵ ئەوەشدا هەرچەندی گرێکەش فراوانتر بکرێت بە کۆتاییی گرێکەوە دەنووسێت، بەڵام هەرچی گیرەکەکانن جێکەوتەکەیان دیارە و شوێنیان ناگۆڕن، وەک:

**٣٦- ا- منداڵەکەی ترساند.**

**ب- ئازاد منداڵەکەی ترساند.**

**پ- ئازادی مام تۆفیق منداڵەکەی ترساند.**

لە ڕستەکانی (٣٦- ا، ب، پ) گیرەکی (-اند)، لە هەر سێ ڕستەکەدا بە کەتیگۆریی کارەوە لکاوە و سەرەڕای فراوانکردنی گرێکەش، بەڵام

جێکەوتەی گیرەکەکە گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە، کە بە ڕەگی کارەکەوە لکاوە.

**٤- ئەزموونی درزتێکەوتن**

ئەم ئەزموونە ئەزموونێکی هەڵهێنجراوە لە هەر یەک لە پێوەرەکانی (بۆشایی (arbitrary gaps)، ناوێزەییی مۆڕفۆلۆژی و واتایی)، واتە ئەم ئەزموونە لەم سێ پێوەرە پێکهاتووە و هەر سێ پێوەرەکە لە ژێر ناوی ئەم ئەزموونەدا کۆکراونەتەوە. نووسەک لە تەواوی ئەو جێکەوتانەدا بەکاردێت کە سینتاکس بۆی دیاریدەکات، لە پێکهاتەی (بنکە+نووسەک)دا، هیچ درزتێکەوتنێک نابینرێت، بەڵام لە پێکهاتەی (بنکە+گیرەک)دا ئەم درزتێکەوتنە دەبینرێت (شقاقی، ١٣٧٤: ١٤٨)، بە واتایەکی تر درزتێکەوتن و پێشبینینەکردن و ناوێزەییی مۆڕفۆلۆژی و واتایی لە پێکهاتەی (بنکە+نووسەک)دا بەدیناکرێت، بەڵام لە پێکهاتەی (بنکە+گیرەک)دا زۆرجار ئەمە بەدیدەکرێت، بۆ نموونە لە زمانی ئینگلیزیدا ئاوەڵناوەکان بە شێوەیەکی ئاسایی لە ڕێی گیرەکی (-er) و (-est) پلەی بەراورد و باڵایان لێ دروستدەکرێت، بەڵام چەندین نموونە هەیە کە لەم یاسا گشتییە لادەدەن و درزیان تێدەکەوێت، وەک:

*37- Good → better → best*

لە زمانی کوردیشدا نموونەی درزتێکەوتنی گیرەک بەرچاودەکەوێت، بۆ نموونە پێشگری (هەڵ-) کە بە کەتیگۆریی کارەوە دەلکێ، پێشبینی ئەوە دەکرێت ئەم پێشگرە کە دەچێتە سەر کارەکە واتای بۆ سەرەوە بگەیەنێت، وەک (هەڵچوون، هەڵگرتن، هەڵتۆقین... هتد)، بەڵام لە نموونەی (هەڵکۆڵین)دا، هەستناکرێت واتای بۆ سەرەوە بدات، بەڵکو واتاکەی پێچەوانەی سەرەوە دەدات، چونکە واتای بۆ خوارەوە دەدات، هەروەها لە

نموونەی (هەڵفڕین)دا، گیرەکی (هەڵ-) هیچ واتایەکی زیاد نەکردووە، وەک:

**٣٨- باڵندەکان هەڵفڕین = باڵندەکان فڕین.**

**٥- ئەزموونی کرتانی هاوتا[١٢]**

مەبەست لە کرتاندن، کرتانی کەرەستەیەکی ڕستەیە لە ڕۆنانی سەرەوەدا، بەڵام لە ڕۆنانی ژێرەوەدا بوونی هەر دەمێنێ، ئەم کرتاندنەش نابێ کار بکاتە سەر لایەنی واتاییی ڕستەکە، چونکە هەر ڕستەیەک دوو لایەنی هەیە ئەوانیش لایەنی فۆنۆلۆجی و واتایە، یاسای لابردنی فۆنۆلۆجی نابێ کار بکاتە سەر لایەنی واتای ڕستەکە، واتە دوای پرۆسەی کرتاندنەکەش پێویستە ئەم ڕستەیە هەمان واتا و زانیاری بگەیەنێت، هەروەها (ناکرێ یاسای کرتانی هاوتا لەسەر بەشێکی وشەکە جێبەجێبکرێت، بەڵکو دەبێت هەموو وشەکە بکرتێنرێ) (شقاقی، ١٣٧٤: ١٤٩)، واتە لە پێکهاتەی وشەیەکدا ناتوانرێت بەشێکی لێ بکرتێنرێت، بەڵام دەکرێ کۆی وشەکە لە هەلومەرجی گونجاودا بکرتێنرێت، بۆ نموونە:

**٣٩- ا- باران نانەکەی خوارد و باران ڕۆیشت.**

**ب- باران نانەکەی خوارد و ڕۆیشت.**

لە نموونەی (٣٩- ب)دا، وشەی (باران) لە ڕستەی (باران ڕۆیشت)دا، کە بکەری ڕستەکەیە کرتێنراوە ئەمەش ئابووریکردنە لە زماندا، بەڵام وەک دەبینین ڕستەکە ڕێزمانییە و بە شێوەیەکی ئاسایی بەکاردەهێنرێن، کرتانی بکەرەکە لە کاتێکدابووە، کە قەرینەیەک هەیە قەرەبووی ئەو کرتاندنەی کردۆتەوە، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە (زمانی کوردی لە زمانە بکەرخراوەکانە، ئەم پرۆسەیەی زیاتر بەسەردا ڕوودەدات) (قادر، ٢٠٠٨: ٣٨)، ئەمە تایبەتمەندیی زمانی کوردی

نیشاندەدات، کە دەشێ لە دروستەی ڕووکەشدا بکەر بکرتێنرێ، بەڵام لە دروستەی قوڵدا بوونی هەر دەمێنێ.

بەم پێیە دەتوانرێ بوترێت، یاسای کرتانی هاوتا لەسەر پێکهاتەی (وشە+نووسەک) و (وشە+وشە) کار دەکات، بەڵام لەسەر گیرەکەکان کار ناکات، کەواتە نووسەک بە نووسانی بە خانەخوێوە پێکهاتەیەکی دروستکردووە، واتە بەشێک لەو ئەزموونانەی[١٣] کە بۆ دەستنیشانکردنی پێکهاتەیەک سوودیان لێوەردەگیرێ بەسەر نووسەکەکاندا جێبەجێدەبن، ئەمەش بە واتای ئەوە دێت، کە نووسەکەکان وەکو وشە مامەڵەدەکەن ئەمە لە لایەک، لە لایەکی تریشەوە نووسەکەکان لە گیرەکەکان جیادەکەنەوە، چونکە هەرچی گیرەکەکانن توانای ئەوەیان نییە کە ئەزموونەکانیان بەسەردا جێبەجێبکرێت، لەبەرئەوەشە کە دەوترێت نووسەکەکان کەرەستەی سینتاکسین، بەڵام گیرەکەکان کەرەستەی مۆرفۆلۆژین، لەم نموونەیەی خوارەوەدا کرتانی هاوتا لەسەر نووسەک نیشاندراوە:

**٤٠- ا- کوردم و کوردستانیم.**

**ب- کورد و کوردستانیم.**

لە نموونەی (٤٠- ب)دا، نووسەکی (م) لەسەر وشەی (کورد) کرتێنراوە، لە هەمان کاتیشدا ڕستەکە ڕێزمانییە و هیچ کاریگەرییەکیشی لەسەر واتای ڕستەکە دروستنەکردووە، هەرچی گیرەکەکانن ئەوا ئەم یاسایە لەسەریان کارناکات، وەک:

**٤١- ا- هەموو ئەمانە نیشانەی زیرەکی و پاکوخاوێنیی قوتابییەکانە.**

**ب- *هەموو ئەمانە نیشانەی زیرەک و پاکوخاوێنیی قوتابییەکانە.**

له نموونەی (٤١- ب)دا، بەهۆی ئەوەی گیرەکی وشەداڕێژی (ی) دوای وشەی (زیرەک) کرتێنراوە، ئەوا ڕستەیەکی ناڕێزمانی لێ بەرهەمهاتووە، کەواتە دەتوانرێ لە ڕێی ئەم ئەزموونەوە نووسەک لە گیرەک جیابکرێتەوە.

**٦- ئەزموونی جوڵە**

یاسای جوڵە لەسەر بەشێکی وشە کار ناکات و دەتوانرێ هەموو وشەکە لە ڕستەدا جوڵەی پێبکرێت، هەر کاتێک بەپێی ئەم یاسایە توانرا یەکێ لە دوو بەشەکەی پێکهاتەی (X+Y) بەبێ ئەوی تر جوڵەی پێبکرێ، ئەوا سەروکارمان لەگەڵ وشەدایە (شقاقی، ١٣٧٤: ١٤٩)، واتە لە کاتی هەبوونی پێکهاتەیەکدا ناتوانرێ جوڵە بە بەشێکی ئەم پێکهاتەیە بکرێ، گەر توانرا جوڵەی پێبکرێت ئەوا ئەو کەرەستە جوڵە پێکراوە نووسەکە نەک گیرەک، بە واتایەکی تر دەشێ لە هەلومەرجی گونجاودا جوڵە بە پێکهاتەی کەرەستەیەک بکرێت، لێرەدا هەمدیسان جەخت لەسەر هەبوونی پێکهاتە دەکرێتەوە، کە نووسەک بە نووسانی بە خانەخوێوە پێکهاتەیەکی دروستکردووە، کە لە هەلومەرجی گونجاودا دەشێ نووسەکەکان جوڵە بکەن.

هاسپڵماث (Hasplmath) یەکێک لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکان و جیاکەرەوەی نووسەک لە گیرەکەکان بە ئازادیی جوڵەی نووسەکەکان دادەنێت، بەو واتایەی کە نووسەکەکان دەتوانرێ ببرێنە جێکەوتەی جیاجیای ڕستەوە، هەندێ جار ئەو سنووردارییانەی دێنە سەر ڕێگای جوڵەی نووسەکەکانەوە ئەوەندە زۆرن کە دەبنە هۆی ئەوەی کە ئیتر هیچ جوڵەیەکیان نەبێت (Hasplmath, 2002: 149-154)، لەبەرئەوە بوونی سەربەستی لە نووسانی بە خانەخوێی جیاوازەوە و جوڵەی نووسەک بۆ هەر یەک لەو خانەخوێیانە لە کەتیگۆری جیاجیادا بۆتە سیمایەکی گرنگ بۆ ناسینەوەی نووسەکەکان، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە کە نووسەکەکان

هەموویان خاوەنی تایبەتمەندیی جوڵە نین، واتە هەموویان ناتوانن جوڵە بکەن، بەڵکو بەشێکیان ئەو توانایەیان تێدایە. لە نموونەکانی خوارەوەدا جوڵە و سەربەستیی نووسەکی (م) نیشاندراوە:

**نموونە:**

***٤٢- گرتم.***

***٤٣- دەمگرت.***

***٤٤- هەڵمگرت***

***٤٥- نەمدەگرت.***

***٤٦- دامنەدەگرت.***

***٤٧- ئۆتۆمبێلم کڕی.***

***٤٨- ئۆتۆمبێلێکی نوێم کڕی.***

***٤٩- ئۆتۆمبێلێکی نوێ و جوانم کڕی.***

**٢ مۆرفیمی خستنەسەر**

خستنەسەر کردەیەکی ڕێزمانییە، کە لە ڕێی مۆرفیمی خستنەسەرەوە ئاماژەی بۆ دەکرێ، مۆرفیمی خستنەسەر (بەو مۆرفیمانە دەوترێ کە دیارخەر و دیارخراو بە یەکەوە دەبەستێت و پەیوەندیی وەسفی و چۆنیەتی و خاوەنداریەتیی نێوانیان نیشاندەدات، لە زمانی کوردی (دیالێکتی ناوەڕاست)دا، هەر یەکە لە /-ی، -ە/ مۆرفیمی خستنەسەرن و هەمیشە بە دیارخراوەوە دەلکێن) (حاجی مارف، بێ ساڵ: ٢٣٥)، وەکو:

**٥٠- مۆبایلی زیرەک، پیاوی دەسەڵات، کوڕە ئازاکە، کچە عەجولەکە ...هتد.**

هەر یەکە لە مۆرفیمی /-ی، -ە/ لە ڕووی چالاکی و بە بەرهەمییانەوە وەکو یەک نین[١٤]، هەرچی مۆرفیمی خستنەسەری /-ی/یە، (مۆرفیمێکی چالاکە لە خستنەپاڵیەکی دیارخەر و دیارخراو لە پێکهاتەی گرێدا چالاکە و دەتوانێ زۆربەی کەتیگۆرییەکان بخاتە پاڵ دیارخراوەکەی) (مستەفا، ٢٠١٩: ٨٠)، وەک:

**٥١- ماستی مانگا، دۆی خۆماڵی، ماڵی پاشا ...هتد.**

بەڵام هەرچی مۆرفیمی خستنەسەری /-ە/، سنووری دەرکەوتنی لاوازترە و چالاکیی کەمترە، (چونکە ئەم مۆرفیمە لە سنوورێکی بەرتەسکدا کار دەکات و پێویستە دیارخراوی ئەم گرێیە ناوێکی ناسراو بێت و دیارخەرەکەشی ئاوەڵناوێکی چۆنیەتی بێت) (هەمان سەرچاوە: ٨٢)، وەک:

**٤٣- کتێبە باشەکە، جلە سورەکە، قاتە شینەکە ...هتد.**

لەگەڵ ئەوەشدا مۆرفیمی /-ە/ (هەندێجار لەگەڵ ئەو ناوانەشدا دەردەکەوێ، کە دیارخراوەکەیان ناوێکی تاکی نەناسراو بێت، بەڵام بە زۆری ئەو گرێیە بۆ دەستنیشانکردنی ڕێژە و قەبارەی شتێک بەکاردێ) (خۆشناو، ٢٠١٦: ٢٨٢)، وەک:

**٥٢- لەتە سێوێک، سندوقە تەماتەیەک، دەسکە سڵقێک ...هتد.**

**٢-١ جێبەجێکردنی ئەزموونەکان لەسەر مۆرفیمی خستنەسەر**

ئەو ئەزموونە هەڵهێنجراوانەی کە بۆ دەستنیشانکردنی نووسەکەکان سودیان دەبێ لەسەر مۆرفیمی خستنەسەر تاقیدەکرێنەوە، ئەزموونەکانیش بریتیین لە:

### ٢-١-١ ئەزموونی کرتانی هاوتا

بە گوێرەی ئەم ئەزموونە دەشێ نووسەکەکان هاوشێوەی وشەی تەواو لە هەلومەرجی گونجاودا بکرتێن، بەڵام مەرجە قەرینەیەک هەبێ قەرەبووی ئەم کرتاندنە بکاتەوە، لەم بارەوە مۆرفیمی خستنەسەر لە کاتی لکانی بە وشەوە ناتوانرێ بە قەرینە بکرتێنرێ، دەشێ هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە مۆرفیمی خستنەسەر پەیوەندی لە نێوان دوو وشە یان دوو گرێدا دروستدەکات، بەمەش بارەکەی جیاوازە و هەر ئەمەش لەوانەیە وابکات کە نەکرتێنرێ، چونکە بە کرتانی فۆرمێکی نادروست بەرهەمدێت، وەک:

**٥٣- ا- گوڵی سوور نیشانەی خۆشەویستییە و گوڵی سپییش نیشانەی ئاشتییە.**

**ب- *گوڵ سوور نیشانەی خۆشەویستییە و گوڵی سپیش نیشانەی ئاشتییە.**

لە ڕستەی (٥٣- ب)دا، مۆرفیمی خستنەسەری /-ی/ لە گرێی (گوڵی سوور)دا، ئەرکی بەیەکەوە بەستنی دیارخەر و دیارخراوەکەی بینیوە، بە کرتانی ڕستەیەکی ناڕێزمانی لێکەوتۆتەوە، واتە پێکهاتەیەکی لەم چەشنە بە بێ مۆرفیمی خستنەسەر ناڕێزمانی لێدەکەوێتەوە. مۆرفیمی خستنەسەری /-ە/ بە هەمان شێوەیە، کە ناتوانرێ بە قەرینە بکرتێنرێ، واتە بەر ئەم یاسایە ناکەوێت، وەک:

**٥٤- ا- لەتە سێوێکم خوارد و لەتە سێوێکم دایە تۆ.**

**ب- *لەت سێوێکم خوارد و لەتە سێوێکم دایە تۆ.**

ئەمەش واتای ئەوەیە کە مۆرفیمی خستنەسەر لە ژێر یاسادا پارێزراوە و بە هیچ شێوەیەک ناتوانرێ بە قەرینە بکرتێنرێ[١٥]، چونکە بە کرتاندنی فۆرمێکی نادروست بەرهەمدێت، کەواتە مۆرفیمی خستنەسەر پەیڕەوی ئەم ئەزموونە ناکات.

**٢-١-٢ ئەزموونی دەنگی**

مۆرفیمی خستنەسەر لە کاتی نووسانی بە بنکەوە هێزی ناخرێتە سەر، بەو واتایەی (خستنەسەر هەمیشە کەرەستەیەکی بێهێزە لە ڕستەدا) (کانەبی، ١٩٩٨: ١٠٢)، واتە نووسانی بە وشەوە هێزی سەرەکیی وشەکە بۆ خۆی کێشناکات، وەک:

**٥٥- گوڵی سوو'ر، داری خورم'ا، ماڵە گەورەکە'، خانووە خۆشەکە' ...هتد.**

لە نموونەکانی سەرەوەدا تێبینی ئەوە دەکرێت هێزی سەرەکی کەوتۆتە سەر بڕگەی کۆتایی لە وشەی دووەم، سەرەڕای نووسانی مۆرفیمی خستنەسەری /-ی، -ە/، بەڵام هێزەکە هەر لە جێکەوتەی خۆیەتی و نەگۆڕاوە و هێزی سەرەکی نەکەوتۆتە سەر مۆرفیمی خستنەسەرەکە، ئەمەش سەلمێنەری ئەوەیە کە ئەم مۆرفیمە پەیڕەوی ئەم ئەزموونە دەکات.

**٢-١-٣ ئەزموونی دابەشبوون**

بە سەرنجدان لەو بنکەیەی کە مۆرفیمی خستنەسەر پێوەی دەلکێ، تەنیا بە کەتیگۆرییەکی دیاریکراوەوە نالکێ، بەڵکو بە زۆرێک لە کەتیگۆرییەکانەوە دەلکێ، وەک:

**٥٦- قوتابییە زیرەکەکان خەڵاتکران.**

**٥٧- یەکی نیسان بە ڕۆژی درۆکردن ناسراوە.**

**٥٨- ڕۆیشتنی ئەو زامێکی قوڵ بو.**

**٥٩- سووری کاڵ ڕەنگێکی دڵگیرە.**

**٦٠- بەشێکی قوتابییان ئامادەی سیمینارەکە بوون.**

**٦١- ئێوەی ناپاک هیچ کات ئاسودەیی بە چاوی خۆتان نابینن.**

لە ڕستەکانی سەرەوەدا بە ڕیزبەندی مۆرفیمی خستنەسەر بە هەر یەک لە کەتیگۆرییەکانی (ناو، ژمارە، چاوگ، ئاوەڵناو، ڕاددە و جێناو)ەوە لکاوە، لەبەرئەوەی مۆرفیمی خستنەسەر بە خانەخوێیەکی دیاریکراوەوە هەستیار نییە و دەچێتە سەر کەتیگۆریی جیاواز، بۆیە دەتوانین بڵێین ئەم مۆرفیمە پەیڕەوی ئەم ئەزموونە دەکات.

**٢-١-٤ ئەزموونی درزتێکەوتن**

لە پێکهاتەی (بنکە+نووسەک)دا، هیچ درز و ناوێزەییەکی مۆرفۆلۆژی و واتایی بەدیناکرێ، بە هەمان شێوە مۆرفیمی خستنەسەریش کاتێ بە بنکەکەیەوە دەلکێ هیچ درز و ناوێزەییەکی تێدا نابینرێت، واتە هاوشێوەی نووسەک مامەڵە دەکات، چونکە مۆرفیمی خستنەسەر لەناو پێکهاتەی

گرێدا جگە لە خستنەپاڵیەکی دیارخەر و دیارخراو هیچ ئەرکێکی تری نییە، بۆ ئەمەش بە شێوەیەکی ڕێک و یاسامەندانە ڕەفتار دەکات و هیچ ناوێزەییەکی تێدا ڕوونادات، وەک:

**٦٢- پیاوی پیر بەرەکەتی ماڵە.**

**٦٣- قوتابییە زیرەکەکان خەڵاتکران.**

لە ڕستەی (٦٢، ٦٣)دا، مۆرفیمی خستنەسەری /-ی، -ە/ لە پێکهاتەی گرێی (پیاوی پیر) و (قوتابییە زیرەکەکان)دا بە دیارخراوەوە لکاون و ئەرکیان تەنیا خستنەپاڵیەکی ئەو دوو کەرەستەیەیە (دیارخەر و دیارخراو)، جیا لەمە هیچ ئەرکێکی تریان نییە، لەبەرئەوە هیچ درز و ناوێزەییەکی تێدا نابینرێ، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ئەم مۆرفیمە پەیڕەوی ئەم ئەزموونە دەکات.

**٢-١-٥ ئەزموونی ڕێگریکردن لە گیرەکلکاندن**

مۆرفیمی خستنەسەر کاتێ بە وشەکەوە دەنووسێ، ئەوا وشەکە دادەخات و ڕێ نادات هیچ گیرەکێکی لە دوا بێت، تەنانەت ڕێ نادات نووسەکیشی لە دواوە بێت، چونکە ئەرکی مۆرفیمی خستنەسەر لە زمانی کوردیدا ئەوەیە دیارخەرێک بخاتەسەر دیارخراوێک، واتە ئەرکەکەی خستنەسەرە، خستنەسەرەکەش ئەوەیە لە دوای مۆرفیمی خستنەسەر تەنیا ناوێک یان گرێیەکی ناوی، ئاوەڵناوی یان گرێیەکی تر دێت، وەک:

**٦٤- ا- جوانیی مرۆڤ لە ڕەوشتیدایە.**

**ب- *جوانییەکە مرۆڤ لە ڕەوشتیدایە.**

**٦٥- ا- گەورەی ئێوە چاونەترسە.**

**ب- *گەورەیتر ئێوە چاونەترسە.**

لە ڕستەکانی (٦٤- ب) و (٦٥- ب)دا، بە هۆی ئەوەی مۆڕفیمی خستنەسەر هەر یەک لە نووسەکی /-ەکە/ و گیرەکی /-تر/ی پێوە نووساوە بەمەش ڕستەکان نارێزمانییان لێکەوتۆتەوە، لەبەرئەوە مۆڕفیمی خستنەسەر ئەم ئەزموونە جێبەجێ دەکات.

لەم خشتەیەی خوارەوەدا توانای پابەندبوون و پابەندنەبوونی مۆڕفیمی خستنەسەر سەبارەت بە ئەزموونەکان خراوەتەڕوو:

| کەرەستە | کرتانی هاوتا | دەنگی | دابەشبون | درزتێکەوتن | ڕێگریکردن لە گیرەک لکاندن |
|---|---|---|---|---|---|
| م. خستنەسەر | _[١٦] | +[١٧] | + | + | + |

خشتەی ژمارە (١) پابەندبوون و پابەندنەبوونی مۆڕفیمی خستنەسەر

بە گوێرەی خشتەی (١)، مۆڕفیمی خستنەسەر لە کۆی پێنج ئەزموونەکە، کە بۆ دەستنیشانکردنی نووسەکەکان سوودی لێوەردەگیرێت، چوار ئەزموون جێبەجێ دەکات و تەنیا یەک ئەزموون جێبەجێ ناکات ئەویش ئەزموونی کرتانی هاوتایە، ئەمەش واتای ئەوە دەگەیەنێ کە ئەم کەرەستەیە نووسەکە.

سەبارەت بە جۆری نووسەکەکەش، ئەم مۆڕفیمە پاشنووسێکی تایبەتییە، چونکە بە گوێرەی ئاڕاستەی نووسانی بە دواوەی خانەخوێوە پاشنووسە، لەگەڵ ئەوەشدا بە هۆی نەبوونی فۆڕمی تەواو لە بەرانبەر فۆڕمە کورتەکەیدا پاشنووسێکی تایبەتییە، هەروەها بواری دەرکەوتنیشی لە گرێی ناویدایە.

## ئەنجام

١- دوای پڕاکتیزەکردنی ئەزموونەکانی نووسەکبوون بەسەر مۆرفیمی خستنەسەردا، مۆرفیمی خستنەسەر لە کۆی پێنج ئەزموونەکە، کە بۆ دەستنیشانکردنی نووسەکەکان دیاریکراون، تەنیا یەک ئەزموون کە کرتانی هاوتایە جێبەجێ ناکات، کەواتە بەپێی ئەم پێوەر و ئەزموونانەی بۆ تاقیکردنەوەی مۆرفیمی خستنەسەر کراوە، دەتوانرێ ئەم مۆرفیمە بە نووسەک هەژماربکرێت.

٢- بە گوێرەی ئاڕاستەی نووسانی بە دواوەی خانەخوێوە پاشنووسە.

٣- بەهۆی نەبوونی فۆڕمی تەواو لە بەرانبەر فۆڕمە کورتەکەدا، پاشنووسێکی تایبەتییە.

## پەراوێزەکان

(١) شوانی، ٢٠١١).

(٢) (قادر، ٢٠٠٤)، (برزو، ٢٠١٢) و (محەمەد، ٢٠١٩).

(٣) (میراودەلی، ٢٠٠٧).

(٤) خانەخوێ (Host): ئەو وشەیەیە، کە میوانداریی نووسەک دەکات، کە نووسەکەکە بە بەشی پێشەوە یاخود دواوەی وشە خانەخوێکەوە دەنووسێت، لە کوردیدا جگە لە زاراوەی خانەخوێ، هەر یەکە لە زاراوەکانی هاوسێ (قادر، ٢٠٠٤) و میڤاندار (کەڕەمی، ١٣٩٦) یشی بۆ بەکارهێنراوە. لەبارەی زاراوەی خانەخوێ/میواندار دەشێ بیرۆکەی ئەم زاراوە بە سوودوەرگرتن لە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییەوە وەرگیرابێت، چونکە وەک دەزانرێ ئەو کەسەی کە بە میوانی سەردانی کەسێک دەکات بۆ ماوەیەکی کاتی دەچێت و دواتر ئەو ماڵە یان ئەو کەسەی میوانداری کردووە جێیدەهێڵێت.

(٥) لە زمانی کوردیدا جگە لە زاراوەی پێشنووس، هەر یەک لە زاراوەکانی بەرگر (خۆشناو، ٢٠١٦: ١٠٦)، پێش بەست (مەلازادەیی، ٢٠١٣: ٥٩)، پرۆ کلیتیک(کلیتیکی سەربەخۆ) (محمد، ٢٠١٩: ١٢٤) بەکارهێنراوە.

(٦) لە (خۆشناو، ٢٠١٦: ١٠٧) وەگیراوە.

(٧) لە زمانی کوردیدا جگە لە زاراوەی پاشنوس، هەریەک لە زاراوەکانی دواگر (خۆشناو، ٢٠١٦: ١٠٦)، پاش بەست (مەلازادەیی، ٢٠١٣: ٥٩)، ئینکلیتیک(نیمچە کلیتیک) (محمد، ٢٠١٩: ١٢٥) بەکارهێنراوە.

(٨) بۆ زانیاری لەبارەی ئەمەوە بڕوانە لاپەڕە (٢٤)ی ئەم توێژینەوەیە.

(٩) لەم توێژینەوەیەدا هێمای (') وەکو ئاماژەدان بۆ بوونی هێزی سەرەکی بەکارهاتووە.

(١٠) وشەی فۆنۆلۆجی: یەکەیەکە لە هەرەمی سەروسەگمێنتی یان پرۆسۆدیکیدا دەکەوێتە نێوان گرێی فۆنۆلۆجی و بنکەوە و بواری جێبەجێکردنی یاساکانی هێزی لێکسیکییە (قوامی، ١٣٩٤: ٢٥٨). بۆ نموونە قوتابی، قوتابخانە و قوتابخانەکان، ئەمانە هەموویان وشەی فۆنۆلۆجین، کە هێزەکەیان کەوتۆتە سەر دوا بڕگە. بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی وشەی فۆنۆلۆجی و تایبەتمەندییەکانی بڕوانە: (مەحویی، ٢٠٠٧: ٢٠-٢٢) و (Kroeger, 2005: 317-318)

(١١) گرێی فۆنۆلۆجی: یەکەیەکە لە زنجیرەی هەڕەمی پڕۆسۆدیکیدا، کە دەکەوێتە نێوان گرێی ئاوازیی و وشەی فۆنۆلۆجی یاخود پڕۆسۆدیکی، هەروەها بواری ئەرکەکەی بریتییە لە یاساکانی هێزی گرێ و ئەو تۆنانەی کە سنوور بۆ گرێکان دادەنێن یاخود ئەو تۆنانەی لە سنووری نێوان گرێکاندان (قوامی، ١٣٩٤: ١٩٦). بۆ زانیاری لە بارەی گرێی فۆنۆلۆجی و تایبەتمەندییەکانی بڕووانە: (Truckenbrodt, 1995).

(١٢) بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی پڕۆسەی کرتاندن لە زمانی کوردیدا، بڕوانە: (عەلی، ١٩٩٢: ٤٦-٥٩).

(١٣) بەشێک لە ئەزموونەکانی دەستنیشانکردنی پێکهاتە، کە لەلایەن شارەزایانی بواری زمانەوانی فۆڕمییەوە دانراون، بریتین لە ئەزموونی (لەبریدانان، جێگۆڕکێ، کرتان، هاوتاکردن، پرسیارکردن، بە ئیسنادیکردن و نیمچە ئیسنادیکردن ...هتد). (پ. ی. د. دلێر صادق کانبی، وانەی سینتاکس، کۆرسی دووەمی خوێندنی ماستەر، ٢٠١٩-٢٠٢٠).

(١٤) بۆ زانیاری لەبارەی چالاکی و بەبەرهەمیی مۆڕفیمی خستنەسەر، بڕوانە (مستەفا، ٢٠١٩: ٧٩-٨٤).

(١٥) تێبینی ئەوە دەکرێ کە لە شێوە ئاخاوتنی کەرکوکدا دەربڕینێکی لەم چەشنە، واتە بێ مۆڕفیمی خستنەسەر ئاساییە، وەک: (ماڵ میمکم لە هەولێرە)، بەڵام ئەوەی ئێمە مەبەستمانە زمانی کوردیی (دیالێکتی ناوەڕاست)ە، کە شێوەیەکی نیمچە ستانداردی هەیە، کە پێکهاتەیەکی لەم شێوەیە بەبێ مۆڕفیمی خستنەسەر بەکارنایەت.

(١٦) (-) هێمایە بۆ ئەوەی ئەو کەرەستەیە ئەم ئەزموونە جێبەجێ ناکات.

(١٧) (+) هێمایە بۆ ئەوەی ئەو کەرەستەیە ئەم ئەزموونە جێبەجێ دەکات.

## لیستی سەرچاوەکان

### بە زمانی کوردی:

- ئەمین، وریا عومەر (٢٠٠٩)، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی- بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

- برزو، ئومێد بەرزان (٢٠١٢)، دروستەی فرێز و ڕستە لە زمانی کوردیدا، چاپی دووەم، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.

- حاجی مارف، ئەوڕەحمان (بێ ساڵ)، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم (مۆرفۆلۆژی) بەشی یەکەم- ناو، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

- خاڵ، شێخ محەمەد (بێ ساڵ)، فەرهەنگی خاڵ کوردی-کوردی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

- خۆشناو، شێروان حوسێن (٢٠١٦)، توانای مۆڕفیمی بەند لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ و ڕاپەڕاندنی ئەرکی سینتاکسیدا، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی نارین، هەولێر.

- شوانی، ڕەفیق (٢٠١١)، وشەسازی زمانی کوردی (لێکۆڵینەوەیەکی پڕاکتیکییە)، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

- عەلی، بەکر عومەر (١٩٩٢)، بەستن و کرتاندن لە کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی ئاداب.

- فەتاح، محمد مەعروف و سەباح رەشید قادر (٢٠٠٦)، چەند لایەنێکی مۆڕفۆلۆجی کوردی، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی.

- قادر، تارا موحسن (٢٠٠٤)، جێناو: لێکدانەوەیەکی نوێ لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زمان.

قادر، کاروان عومەر (٢٠٠٨)، رستەی باسمەند لە زمانی کوردیدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی تیشک، سلێمانی.

- کانەبی، ڕەحمان ئیسماعیل حەسەن (١٩٩٨)، پەیڕەوی فۆنیمە ناکەرتییەکان لە کوردیدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی بەغدا، کۆلێجی پەروەردە–ئیبن روشد، بەغدا.

- مەحویی، محەمەد (٢٠١٦)، مەنامە بەستانداردکردنی زمانی کوردیی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئەندێشە.

- مستەفا، مستەفا ڕەزا (٢٠١٩)، پۆلێنکردنی مۆرفیمە بەندەکان لەسەر بنەمای چالاکیی و سستیی ئەمڕۆیان لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زمان.

- میراودەلی، کەمال (٢٠٠٧)، فەرهەنگی ڕێزمانی کوردی، چاپی یەکەم، سلێمانی.

- محمد، حاتەم ولیا (٢٠١٩)، مۆرفۆلۆجی، چاپی یەکەم.

- مەلازادەیی، یارا قادر حەمەد (٢٠١٣)، مۆرفۆسینتاکس لە شێوەرزاری کۆیەدا، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.

**بە زمانی فارسی:**

-- راسخ مهند، محمد (١٣٨٨)، پی بستهای ضمیری، در گفتارهایی در نحو، نشر مرکز، تهران.

- شقاقی، ویدا (١٣٧٤)، واژه بست چیست؟ آیا در زبان فارسی چنین مفهومی کاربرد دارد؟ مجموعه مقالات دانشگاه علامه طباطبایی ٥-٦ اسفند، شماره ٨٣، صفحه ١٤١-١٥٨.

- شقاقی، ویدا (١٣٩٤)، فرهنگ توصیفی صرف، چاپ اول، تهران نشر علمی.

- نغزگوی کهن، مهرداد و شادی داوری (١٣٩٣)، فرهنگ توصیفی زبان شناسی تاریخی، علمی، تهران، چاپ١.

- واحدی لنگرودی، محمدمهدی و شیرین ممسنی (١٣٨٣)، بررسی پی بستهای ضمیری در گویش دلواری، مجلهء گویش شناسی ٣/١ مجله گویش شناسی، شماره ٣.

**به زمانی عەرەبی:**

- الخولی، محمد علی (١٩٩١)، معجم علم اللغة النظري (إنكليزی – عربی) مع مسرد عربی – إنكليزی، مكتبة لبنان، بيروت.

**به زمانی ئینگلیزی:**

- Haspelmath, Martin (2002), Understanding Morphology, 1st Edition, Arnold Publications, London.

- Klavans, Judith (1982), Some problems in the Theory of clitics, Bloomington, Indiana University Linguistics Club.

- Kroeger, Paul (2005), Analyzing Syntax: A Lexical-Functional Approach. Cambridge, Cambridge University Press.

- Spencer, Andrew (1996), Agreement morphology in Chukotkan. Paper presented at the 7th International Morphology meeting, Vienna.

- Trask, R. T (1993), A dictionary of Grammatical Terms in Linguistics, 1st Edition, Routledge, London.

- Zwicky, A. M. (1977), On Citics. Bloomington: Indiana University Linguistics Club.

- Zwicky, A. M. (1985), Clitics and particles, Language 61, pp. 283–305.

- Zwicky, A. M. and Pullum, G. K. (1983), Cliticisation vs. inflection: English n’t,

Language 59, pp. 502–513.

**ملخص البحث**

عنوان البحث (عرض المضاف إليه وتجاربه على الكلمة المقيدة في اللغة الكوردية) والبحث محاولة لتجارب الكلمة المقيدة وأدواتها و تطبيقاتها في اللغة الكوردية، وتحقيق للكلمة المقيدة وعدم وجود المضاف إليه في اللغة الكوردية، ولهذا استفدنا من تجارب ونظريات زويكى و پاولوم وحاولنا اثبات أن المضاف إليه في اللغة هو الكلمة المقيدة أم لا ؟

ومن خلال البحث والنماذج وهي خمسة تاكدنا أن المضاف إليه يتحقق من خلال أربعة نماذج إلا نموذجا واحدا بحسب من الكلمة المقيدة.

**الكلمات الإفتتاحية:** الكلمة المقيد، المضاف إليه، متكىء سابق، متكىء لاحق، الكليمة المقيدة البسيطة و الخاصة.

**Abstract**

This study entitled (Genitive Morpheme and Cliticisation Tests in Kurdish Language) is an attempt to identify the tests that can prove Cliticisation and Non-Cliticisation of an item in language. Likewise, it provides an insight into the confirmation of Cliticisation and Non-Cliticisation of Genitive Morpheme in Kurdish Language. In so doing, the researcher has taken advantage of both Zwicky and Pullum's Criteria and experience to verify whether Genitive Morpheme in Kurdish is a Clitic or an Affix?

The results of the tests involving five tests have proved that the Genitive Morpheme follows four tests and excludes one. Thus, the study concluded that it is regarded as a clitic.

Keywords: Clitic, Genitive Morpheme, Proclitic, Enclitic, Simple Clitic, Special Clitic.